

گومان دەکرێت مێرتێنسی هێرشبەری ناپۆلی پەیوەندی لەگەڵیان هەبێت..

# جنۆکە یارمەتی ناپۆلی دەدەن بۆ بردنەوە لە ریال مەدرید

**روداوی وەرزشی - CNBC**

رۆژنامەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا هۆشداریان دایە ریال مەدرید لە مەترسی درایس مێرتێنسی هێرشبەری بەلجیکی یانەی ناپۆلی، لە یاری سبەی شەوی نێوان ریال مەدرید و ناپۆلی لە قۆناخی 16ی چامپیۆنزلیگ. ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەڵێن «لەنێو یاریگەدا جنۆکە یارمەتی مێرتێنس دەدەن بۆ بردنەوە لە ریال مەدرید».

دیمەنێکی مێرتێنس لە یاری ناپۆلی و بۆلۆنیا لە گەڕی 23ی خولی ئیتاڵیا هەرایەکی گەورەی نایەوە، کاتێک کەوتە سەر زەوی، دەستی خۆی دایە کەسێکی نادیار و بە هاوکاری ئەو هەستایەوە، ئەوکات هەموان تووشی سەرسوڕمان بوون و هەندێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا رایانگەیاند «مەگەر جنۆکە یارمەتی مێرتێنسیان دابێت بۆ هەستانەوە». هەر لەو یارییەشدا مێرتێنس ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردو هاتریکی تۆمارکرد، بۆیە گومانەکان لەسەر هاوکاری جنۆکەکان بۆ ئەو زیاتر بوون. لەبەرئەوە کاتێک مێرتێنس لە لێدوانێکدا هەڕەشەی لە ریال مەدرید و رۆناڵدۆ کردو گوتی «لە ریال و رۆناڵدۆ ناترسین»، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جارێکی دیکە ئەو پرسەیان هێنایەوە بەر باس و گوتیان «لەوانەیە جنۆکە یارمەتی مێرتێنس بدەن بۆ دەرکردنی ریال مەدرید لە چامپیۆنزلیگ».

بێجگە لەوەش رۆژنامەکانی ئیسپانیاو ئیتاڵیا لە رووی واقیعیشەوە هۆشداری دەدەنە ریال مەدرید لە مەترسی مێرتێنس، چونکە لە دوایین 10 یارییدا باشترین گۆڵکاری خولە گەورەکانی ئەورووپایەو 14 گۆڵی تۆمارکردووە.

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (437) سێشەممە 2017/2/14 25ی رێبەندان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## رۆناڵدۆ نهێنییەکی نێومالّی بارسا ئاشکرا دەکات..



# BYE BYE

3

"مێسی دەست لە کاروباری بارسا و ریال وەردەدات"

"رۆناڵدۆ لە کەسێکی نزیک لە بارسا زانیویەتی کە مێسی رێگە نادات چیدی ئێنریکی راهێنەری بێت"

(رووداو) موسڵمان و مەسیحی و ئیزیدییەکان لە تیپێکدا کۆدەکاتەوە

2




میران خەسرۆ: لە هاتنەوە لە شورتە پەلەمان کرد، لە گەڕانەوە پەلە ناکەم



2

ئەگەر ئەم نەریت و سیفەتانەت هەبێت هاندەری نادالی



4

"ئارسیناڵ شووتی بخوات ددانی دەشکێت!"..



## ڤالانتاینی چامپیۆنزلیگ پێویستی بە شێری دڕندەیە نەک ورچی سوور

6



## عوقلە بکە

یونس سمایل مامە، کە ڕاهێنەرێکی وەرزشییە، سەبارەت بە ئامێری وەرزشیی عوقلە، واتە خۆشۆرکردنەوە، ڕێنمایی گەنجان دەکات زۆر بایەخ بەو یارییە بدەن، چونکە سوودی زۆری بۆ تەندروستی و لەشجوانییان هەیە . ناوبراو دەڵێت «ئەو یارییە سوودێکی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە، سینگ و شان گەورە دەکات، سوودێکی زۆریشی بۆ ئەوانە هەیە کە لە تەمەنی 18 ساڵییەوە دەیکەن، ئەو یارییە ناهێڵێت لەدواڕۆژدا کورتەباڵا دەربچن، لەشێکی و جوانیان پێدەبەخشێت، لە نەخۆشی فەقەرات، ئینزیلاق و پشت ئێشانیش دەیانپارێزێت. هەروەها بۆ کەسە بەتەمەنەکانیش سوودی زۆری هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر کاری قورسیان کردووە، بە عوقلەکردن هیچ ئازارێکیان نامێنێت و دەبنە خاوەن لەش و لارێکی پتەو».

RUDAW موسڵمان و مەسیحی و ئیزیدییەکان لە تیپێکدا کۆدەکاتەوە..

# (ڕووداو) ڕووبەڕووی (ڕووداو) دەبێتەوە

**عومەر قاسم**
**ڕووداوی وەرزشی ـ قەسرووک**

لەوانەیە ئەمە یەکەمجار بێت لە یاری تۆپی پێدا ئەوە ڕووبدات دوو تیپ بە هەمان ناوەوە ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە، کە ئەمە لە ناحیەی قەسرووکی سەر بە پارێزگای دهۆک ڕوویدا، کاتێک تیپی (ڕووداوی دهۆک) و (ڕووداوی قەسرووک) یارییەکی دۆستانەیان لەسەر یاریگەی قەسرووک ئەنجامدا.

خۆشەویستیی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) هێندە بەربڵاوبووە، زۆر لە وەرزشوانان حەزدەکەن ناوی تیپەکانیان بکەنە (ڕووداو)، کە بەم دواییە دوو تیپی بەهێز لە دەڤەری بادینان بەناوی (ڕووداو) دامەزراون.

چەند یاریزانێکی بەتوانای شاری دهۆک تیپێکی بەهێزی تۆپی پێیان پێکهێناوە و ناویان لە تیپەکەیان ناوە (تیپی تۆپی پێی ڕووداو)، کە 22 یاریزانی بەتوانا لەخۆدەگرێت و بەو ناوەوە بەشداری لە خول و پاڵەوانییەتییەکاندا دەکەن.

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە لەم تیپەو بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هاندەرانی زیاتر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو تیپە یاریزانانی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان لەخۆی دەگرێت، واتە یاریزانانی موسڵمان، مەسیحی و یەزیدی پێکەوە یاری بۆ دەکەن. وەک یاریزانانی ئەو تیپە بە (ڕووداوی وەرزشی)یان ڕاگەیاند «خۆشەویستی ڕووداو ئێمە بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە لە ژێر یەک چەتر کۆکردەوە، ئێمە لە خۆشەویستی ڕووداو ئەو تیپەمان دروستکردووە».

جگە لە تیپی ڕووداوی دهۆک، یاریزانانی ناحیەی قەسرووکیش بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست تیپێکیان بەناوی (ڕووداوی قەسرووک) دامەزراندووە. ناوی ئەم دوو تیپە وایکرد هەردوو تیپی ڕووداو یارییەکی دۆستانە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی یاریزانان و دەستەی کارگێڕییان لە نزیکەوە یەکدی بناسن، کە هەفتەی ڕابردوو لەسەر یاریگەی ناحیەی قەسرووک و بە هاوکاری ناوبژیوان بە ئەزموون، شیمال حەمید یارییەکە بەڕێوەچوو.

لەو یارییەدا کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بینینی بوو، هەردوولا ئاستێکی بەرزیان پێشکێشکردو لە کۆتاییدا (ڕووداوی دهۆک) بە ئەنجامی 6 ـ 2 گۆڵ یارییەکەی بردەوە.



# شورتە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتی کۆسرەت و میران دەدات..



## کۆسرەت بایز: گەڕامەوەو لاپەڕەیەکی سپیم لەگەڵ ڕاهێنەردا کردووەتەوە



## میران خەسرۆ: لە هاتنەوە پەلەمان کرد لە گەڕانەوە پەلە ناکەم

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

کۆسرەت بایز، یاریزانی کوردی یانەی شورتەی شاری بەغداد، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە خۆی و میران خەسرۆی هاوڕێی هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ڕاهێنەری یانەی شورتە نییەو گوتی «تەنیا لێکتێنەگەیشتنێکمان هەیە لەگەڵ ڕاهێنەر».

زیاتر لە 30 ڕۆژە گرفتی هەردوو یاریزانانی کوردی یانەی شورتە (کۆسرەت بایز و میران خەسرۆ) لەگەڵ ڕاهێنەری یانەی شورتە چارەسەر نەکراوە، لە کاتێکدا چەندین یانەی پایتەختی عێراق لە هەوڵی ئەوەدان ئەم دوو یاریزانە کوردە ڕازی بکەن بۆ یاریکردن لە ریزی یانەکانیان.

هەردوولا لە چاوەڕوانی ئەوەدان گرفتەکانیان چارەسەر بکەن و ئەو دوو یاریزانە بگەڕێنەوە ریزەکانی یانەی شورتە، کە وادیارە کۆسرەت کێشەکانی لەگەڵ محەممەد یوسفی ڕاهێنەری میسری یانەی شورتە چارەسەر کردووە، کە لە بنەڕەتدا کێشەکان لای ئەو سەریان هەڵدا کاتێک لە مەشقەکاندا لەو دوو یاریزانە کوردە تووڕە بوو، بە چەندین قسەی ناشیرین بێڕێزی بەرامبەریان کرد.

لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، کۆسرەت بایز، تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە هیچ گرفتێکمان نییە لەگەڵ یانەی شورتە، تەنیا چەند هەڵە لێکتێگەیشتنێک هەبوو لەنێوان ئێمە و ڕاهێنەر، ئێستا بەرپرسانی یانەی شورتە لە سەر هێڵن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتەی من و میران خەسرۆ». هەروەها گوتیشی «لە ڕاستیدا من کێشەکانم چارەسەرکردووەو بەهیوای ئەوەین میرانیش کێشەکانی چارەسەر بکات».

کۆسرەت، لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو گەڕانەوە بۆ ریزەکانی شورتە، گوتی «من گەڕمەوە یانەکە، قسەم لەگەڵ ڕاهێنەر کردو لاپەڕەیەکی سپیمان کردووەتەوە، واتە نە داوای لێبوردن دەکەم، نە سزاش دەدرێم».

کۆسرەت، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان کاتی لە بەغداد بوون، تووشی هەندێک ناڕەحەتی بوون «من ویستم هەموو شتەکان چارەسەر بکەم، ئەوکات بگەڕێمەوە یانەکەم، بۆیە کە هەموو کێشەکانم چارەسەرکرد گەڕامەوە یانەکەم». هەروەها گوتیشی «هۆکاری گرفتەکەی ئێمەش لەگەڵ ڕاهێنەر بوو، ئەو بە هەڵە لە ئێمە گەیشتبوو، تەنانەت من پێمگوت ئێمە یاریزانی شورتەین لەژێر فەرمانی تۆ و ئیدارەی یانەکەین، بەڵام ئەو پێداگیربوو، گوتی ئێوە تەنیا بۆ پارە هاتوون و دڵسۆز نین بۆ یانەکە».

وادیارە میران خەسرۆ، بۆچوونێکی جیاواز لە کۆسرەتی هەیە، ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لە ڕاستیدا نامەوێ ئێستا بگەڕێمەوە شورتە، چونکە لە هاتنەوە پەلەمان کرد، نامەوێ لە گەڕانەوەش پەلە بکەین». هەروەها میران گوتیشی «لەوانەیە هەموو قسەیەک لە ڕاگەیاندنەکان باس نەکرێن، بەڵام بەدڵنیاییەوە بشگەڕێینەوە سزا دەدرێین».

میران ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەو ئێستا یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرەو گوتی «خۆشەویستی پێشمەرگە بەهیچ شتێک ناگۆڕمەوە».

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی وەرزشیی بولگاریادا ڕوودەدات..

# 2 کچە وەرزشوانی ئێرانی بە جلی "ئیسلامی"یەوە یاریدەکەن



**ئا: ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

فیدراسیۆنی تۆپی باڵەی ئێران ڕێگەی بە دوو کچە یاریزانی وڵاتەکەی داوە وەک پیشەگەر روو لە بولگاریا بکەن، بە مەرجی ئەوەی جلوبەرگی وەرزشیی ئیسلامی بپۆشن، ئەمەش مشتومڕی لە نێوەندە وەرزشی و کۆمەڵایەتییەکانی بولگاریا دروستکردووەو کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێناوە.

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی وەرزشیی بولگاریادا هاندەرانی تۆپی باڵەی خانمان دوو کچە یاریزان لەنێو هۆڵی یارییەکاندا دەبینن، کە باڵاپۆشن و بە جلی وەرزشیی ئیسلامییەوە یاریدەکەن.

چیرۆکی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، یانەی شۆمەنی بولگاریا گرێبەستی لەگەڵ دوو یاریزانی ئێرانی کردووە، ئەوانیش موعیدە بورهانیی تەمەن 29 ساڵان و زەینەب جیفییەی تەمەن 33 ساڵان، کە لە مانگی یەکی ئەمساڵ ڕوویان لە بولگاریا کردووە.

ئەوان مەرجیان هەبوو، کە دەبێت بە جلی داپۆشراوەوە یاری بکەن و بە گوتەی خۆیان، دەیانەوێت ببنە نموونەیەکی بەرز بۆ کچە هاوڕێ ئێرانییەکانیان و یەکەم یاریشیان لە ڕۆژی 2017/1/4 ئەنجامداو جلی وەرزشیی ئیسلامییان پۆشی بوو، کە تەواوی سەر و جەستەیان داپۆشی بوو.

پێشتریش فیدراسیۆنی تۆپی باڵەی ئێران و وەزارەتی وەرزشیی ئەو وڵاتە، بەو مەرجە ڕەزامەندیی گواستنەوەی ئەم دوو کچە یاریزانەی دابوو، کە دەبێ «جلی شەرعی» بپۆشن.

### کاردانەوەیەکی توند

دەرکەوتنی موعیدەو زەینەب بەم جۆرە جلوبەرگەوە، کاردانەوەی جیاجیای لێکەوتەوەو لە زۆربەی لایەنەکانیشەوە قبوڵنەکراو بوون و پێشوازییان لێنەکرا، تەنانەت یەکێک لە تیپە ڕکابەرەکانی ئەو تیپەی، کە دوو کچە ئێرانییەکە یاری بۆ دەکەن، ئەوانیان بە گوندی و «دەوارنشین» وەسفکردبوو، هەروەها لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانداو لەو پەیجانەی کە دژی ئیسلامن، هەڵمەتێکیان دژی ئەو «دیاردە»یە لەنێو وەرزشیی بولگاریادا بەناونیشانی «لەنێو وەرزشدا شوێنێک بۆ قەرەجەکان نییە»، دەستپێکرد.

لەلای خۆیەوە محەممەد باشران، کە ڕاهێنەری یانەی شۆمەنو ئەو دوو کچە ئێرانییە لە تیمەکەی ئەودا یاریدەکەن، کاردانەوەکانی بە گاڵتە وەسفکردو پێیوایە پێویست ناکات ئەوەندە بایەخی پێبدرێت، بەڵکو پێیوایە پێویستە زیاتر بایەخ بە ئاستی تیپەکەیان و ئەنجامەکانیان و باشکردنی ریزبەندی تیپەکەیان بدەن. هەروەها دەشڵێت «پرۆسەی هێنانی ئەم دوو یاریزانە ئێرانییە کارێکی سەرکەوتووە لە ڕووی وەرزشیی و ئابوورییەوە، چونکە ئەوان خاوەن ئەزموونن، بەتایبەتی موعیدە، کە کاپتنی هەڵبژاردەی باڵەی خانمانی ئێرانەو بە پارەیەکی باش گرێبەستی لەگەڵدا کراوە.

### دوو کچەکە چی دەڵێن؟

موعیدە بورهانی لە لای خۆیەوە شانازی دەکات لەگەڵ زەینەبی هاوڕێیدا یەکەم دوو کچە یاریزانی ئێرانین، کە وەکو پیشەگەر لە دەرەوەدا یاریی دەکەن.

لە بەرامبەردا زەینەب جیفییە دەڵێت: ژیان لە بولگاریا زۆر ئاسان و خۆشە، خەڵکیش زۆر بە باشی و ڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن.

"بولگارییەکان ئەم دوو کچە یاریزانە بە گوندیی و قەرەج ناودەبەن"

KOREK Telecom
ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن


ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیكی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە كاتژمێر 1ی شەو تاكو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەكی زیادە.
بۆ بەشداریكردن لە پاكێجە جۆراوجۆرەكانی ئینتەرنێت كە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بكەن بە: #250* یان #360* یان #257*
korektel.com
411

رووداو وەرزشی
ژمارە (437)
سێشەممە 2017/2/14



## دێوەزمەیە

هەندێک لە رۆژنامەکانی فەرەنسا لەبارەی یاری ئەمشەوی پاریس سانجێرمان و بارسێلۆنا لە قۆناخی 16ی چامپیۆنسلیگدا، باسی مەترسی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسایان کردووەو بە «دێوەزمەی ئۆنای ئێمری» ناویان بردووە. بەپێی ئەو رۆژنامانە مێسی هەمیشە وەک دێوەزمەیەک بووە بۆ ئێمری لەگەڵ هەر یانەیەک کە ئەو راهێنەرایەتی کردبێت. مێسی لە 23 یارییدا بەرامبەر ئەو یانانەی ئێمری راهێنەریان بووە 25 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە لە هەر یارییەکدا 1.05 گۆڵی کردووە. لەو 23 یارییەدا تیپەکەی مێسی 16 جار براوە بووە، لەگەڵ 6 یەکسانبوون، تیپەکەی ئێمریش تەنیا یارییەکی بردووەتەوە.



«نەیهێشت بارسا خیسۆس بکڕێت و ناهێڵێت ئەگوێرۆ بچێتە ریال»

# مێسی دەست لە کاروباری بارسا و ریال وەردەدات

**رووداوی وەرزشی ـ CBC**

ئەوە جاری یەکەم نییە دەزگاکانی راگەیاندن باس لەوە دەکەن کە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەست لە کاروباری یانەکەی وەردەدات، بەڵام لەوانەیە یەکەمجار بێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە لیۆ دەست لە کاروباری ریال مەدریدی یانە رکابەرەکەی وەربدات.

بەپێی هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا، بەتایبەتیش ئەوانەی مەدرید، لیۆنێل مێسی نایەوێ هاوڕێ و هاووڵاتییەکەی سێرجیۆ ئەگوێرۆ ببینێت، بە درێسی رکابەرە هەمیشەییەکەی ریال مەدریدەوە یاری بکات.

وەک ئەو دەزگایانە ئاماژەی بۆ دەکەن مێسی لەگەڵ کارگێڕی یانەکەی قسەی کردووەو داوای لێکردوون، هەوڵ بدەن ئەگوێرۆ بهێنن بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی لە بارسا یاری بکات، ئەگەر بژاردەی ئەوە هەبێت، مێسی بە تواناکانی ئەگوێرۆ دەزانێت، هەرچەندە بەمدواییە لەسەر کورسی یەدەگەکانی مانچێستەر ستی دادەنیشێت، بە ویستی راهێنەرە ئیسپانییەکەی پیپ گواردیۆلا.

دەنگۆی رۆیشتنی ئەگوێرۆ لە ستی لە هاوینی داهاتوو زۆر گەرمە، ئەوەش وایکردووە مێسی قسەی لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی بچێتە بارسا، بەڵام ئەگوێرۆ گرێبەستی ریال مەدرید لەسەر مێزەکەیەتی، دووریش نییە لە پایتەختی ئیسپانیا بگیرسێتەوە.

ئەگوێرۆ پێشتر بە درێسی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە لالیگا یاری کردووە، 5 وەرزی نایابی لەوێ بەسەربردووەو 101 گۆڵی لەگەڵ رۆخی بلانکۆس تۆمارکردووە، بەر لەوەی بچێتە مانچێستەر ستی.

لەلایەکی دیکەوە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا باس لەوە دەکەن، ئەستێرەی ئەرجەنتینی، رێگەی نەداوە لە ماوەی رابردوودا بارسا گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەی بەرازیلی گابرییێل خیسۆس واژوو بکات. ئاماژە بەوەش دەکەن، مێسی هەوڵەکانی بارسای بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ خیسۆس راگرت، دوای ئەوەی پیپ گواردیۆلا ئەو هێرشبەرە بەرازیلییەی رازیکرد، بچێتە ریزەکانی مانچێستەر ستی ئینگلیزی.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن «مێسی کارگێڕی بارسای لە گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو یاریزانە ئاگادارکردەوە، چونکە لیۆ نەیدەویست خیسۆس بگاتە کامپ نو». بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکانی مەدرید بێت «مێسی پێیوابوو خیسۆس هەڕەشەیەکی روونە بۆ تەختی ئەو لە بارسا».

پێیوایە بەرپرسانی بارسا حساب بۆ مێسی دەکەن و بۆ ئەو ناکەن..

# نەیمار نایەوێ ماسکیرانۆ لە بارسا بمێنێتەوە



«نەیمار لەوە تووڕەیە کە ئەلڤێز بەڕێکراوەو ماسکیرانۆش بەهۆی مێسی ماوەتەوە»

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا، باس لەوە دەکەن کە نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، هیواخوازە هاوڕێیە ئەرجەنتینییەکەی، خافییێر ماسکیرانۆ لە ریزەکانی بلاوگرانا بڕوات لە ماوەی داهاتوودا و دەڵێن «نەیمار هەستدەکات بەرپرسانی بارسا لەبەر دڵی مێسی ماسکیرانۆی ئەرجەنتینییان هێشتووەتەوە، بەڵام حسابیان بۆ ئەوە نەکردووە کە داوایکردووە دانی ئەلڤێزی بەرازیلی نەفرۆشن».

بەپێی ئەو سەرچاوانە، نەیمار بە مانەوی ماسکیرانۆ لە بارسا دڵخۆش نییە، ئەوەش بەهۆی هاوڕێیەکەی دیکەیان لیۆنێل مێسی، لەگەڵ دابەزینی ئاستی ماسکی بەشێوەیەکی بەرچاو «نەیمار هەوڵدەدات بەراوردی ئەوە بکات، کە لەگەڵ ماسکی روودەدات بەهۆی مێسی و ئەوەی لەگەڵ هاوڵاتییەکەی دانی ئەلڤێز و ئەدریانۆ کۆریا و شێوازی دەرچوونیان لە کامپ نودا». هەروەها دەشڵێن «نەیمار پێیوایە ماسکیرانۆ تەنیا لەبەرئەوە لە ریزەکانی بارسا ماوەتەوە، چونکە هاوڕێیەکی نزیکی مێسییە».

بە گوێرەی راپۆرتەکانی رۆژنامەوانی ئیسپانی بێت، نەیمار لەم بارەوە قسەی لەگەڵ جۆسێپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆکی بلاوگرانا کردووەو پێی راگەیاندووە، کاتی ئەوە هاتووە ماسکیرانۆ لە تیپەکە بڕوات «نەیمار هاوڵاتی خۆی مارکینیۆسی بەرگریکاری یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ماسکیرانۆ، لە سەرەتای وەرزی داهاتوو بۆ بارتۆمیۆ پێشنیاز کردووە».

ئەمە چەندینجارە باس لەوە دەکرێ کە یانەی بارسێلۆنا بە دواوەی مارکینیۆسەوەیە، ئێستاش دووبارە بیر لەو یاریزانە دەکاتەوە، کە وەرزی رابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی پاریس تازە کردەوە. نەیمار هەوڵدەدات واژووی مارکینیۆس بەدەستبێنێت، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بوونی یاریزانی بەرازیلی تازە لە بلاوگرانا مسۆگەر بکات، نەخاسمە کە ئەو و مارکینیۆس پەیوەندییەکی دۆستانەی بەهێزیان لەنێوانیاندا دروستبووە، لەو کاتەوەی بەیەکەوە لە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل بوون لەم ماوەییەی دواییدا.

ئایا ئەو واقیعە رۆناڵدۆش دەگرێتەوە..

# 32 ساڵی.. تەمەنی کەوتنی ئەفسانەکانی ریال مەدرید

**ئا: رووداوی وەرزشی**

رۆژنامەیەکی ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدرید، یادی لەدایکبوونی 32 ساڵەی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆی قۆستەوە، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی تایبەت بەو بۆنەوە لە گۆشەیەکی تەواو جیاواز لەوانی پێشووی دەزگاکانی راگەیاندنی لۆکاڵی ئامادە بکات.

رۆژنامەی مارکا، پێیوایە رۆناڵدۆ لەگەڵ گەیشتنی بەو تەمەنە پێشکەوتووە، هەموو دەستکەوتەکانی لەگەڵ یانەکان بەدەستهێناوە، زێدەباری بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانیەتی نەتەوەکانی ئەوروپا لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال، دوای هەموو ئەوانە هەڤرکییەکی تازەی هاتووەتە پێش ئەویش ئەوەیە، زۆربەی ئەستێرەکانی پێشووی ریال مەدرید دوای گەیشتنیان بە تەمەنی 32 ساڵی ئاستیان دابەزیوە.

رۆژنامە مەدریدییەکە هێرشبەری مەکسیکی، هۆگۆ سانشێزی بە نموونە هێناوەتەوە، کە پێشتر رێژەی گۆڵەکانی ساڵانەی 37 گۆڵ بوو، بەڵام کە گەیشتە ئەو تەمەنە رێژەی گۆڵەکانی بۆ 11 گۆڵ دابەزی، هەرچی یاریزانی هۆڵەندی رۆد ڤان نیستلرۆیە رێژەی گۆڵەکانی لە یەک وەرز 26.5 گۆڵ بوو، بەڵام دوای گەیشتنی بە تەمەنی 32 ساڵی رێژەکە بۆ 5.5 گۆڵ دابەزی، هەروەها ئەمانسیۆ رێژەی گۆڵەکانی لە یەک وەرز 13 گۆڵ بوو، بەڵام دواتر بۆ 6.5 گۆڵ دابەزی. هەرچی کاپتنی ئەفسانەیی ریال مەدرید، رائوول گۆنزالیسە، رێژەی گۆڵەکانی لە یەک وەرز 14 گۆڵ بوو، بەڵام بۆ 5 گۆڵ دابەزی. بۆ زانین هاتنی رۆناڵدۆ بۆ ریال مەدرید، یەکێک لە هۆکارەکانی پاشەکشەکردنی رێژەی گۆڵەکانی رائوول بوو لە دوایین 2 وەرزی لەگەڵ ریال مەدریددا.

هەریەک لە دی ستیفانۆ و بۆشکاش، بە دیارترین یاریزانانی ریال مەدرید دادەنرێن کە دوای ئاوابوون لە تەمەنی 30 ساڵی، پارێزگارییان لە ئاستی خۆیان کرد لەگەڵ ریال مەدرید. دی ستیفانۆ رێژەی گۆڵەکانی زۆر بە کەمی دابەزی، ئەویش لە 31 گۆڵەوە بۆ 24 گۆڵ بوو لە یەک وەرزدا، تا تەمەنی 38 ساڵیش لەسەر یاریکردن لە ریال مەدرید بەردەوام بوو.

پێدەچێت کریستیانۆ لەسەر رێچکەی دی ستیفانۆ، لەوانەیە باشتریش گوزەر بکات، چونکە لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی 31 ساڵی، ساڵی رابردوو توانی پارێزگاری لە ئاستی بەرزی خۆی بکات و لەسەر تۆمارکردنی زیاتر لە 50 گۆڵ بۆ وەرزی شەشەم بەسەریەکەوە بەردەوام بوو، هەروەها لە وەتەی وەرزی 2016 ـ 2017 دەستپێکردووە 20 گۆڵی تۆمار کردووە، لەوانە 13 گۆڵ لە خولی ئیسپانیایە.



رۆناڵدۆ نهێنییەکی نێوماڵی بارسا ئاشکرا دەکات..

# «ئێنریکی چیدی راهێنەری بارسا نابێت»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی مەدریدی، باس لەوە دەکەن، کە ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، گۆڵکاری ریال مەدریدی ئیسپانی، بە شتە شاراوەو نهێنییەکانی رکابەرە هەمیشەییەکەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا دەزانێت و دەڵێن «رۆناڵدۆ زانیویەتی کە مێسی رێگە نادات چیدی لویس ئێنریکی راهێنەری بارسا بێت».

راپۆرتەکان روونیان کردووەتەوە، کەسێکی نزیک لە بارسێلۆنا و رۆناڵدۆ (بێ ئەوەی ناسنامەکەی ئاشکرا بکات)، بە موشەکی مادێرای راگەیاندووە، مێسی نایەوێ راهێنەری ئیسپانی لویس ئێنریکی بە راهێنەری یانەکە بمێنێتەوە.

رۆناڵدۆ هەروەها لە رێگەی ئەو کەسەوە زانیویەتی کە مێسی فشار دەخاتە سەر کارگێڕی بارسا، بۆ ئەوەی راهێنەرەکەی بگۆڕێت و گرێبەست لەگەڵ راهێنەری ئەرجەنتینی خۆرخی سامپاولی راهێنەری سیڤیلیای ئیسپانی بکات.

ئەو یاریزانە بە سەرچاوەکەی راگەیاندووە «مێسی هیواخوازە ئێنریکی بڕوات، ئەو بە پێشکەوتنی تیپەکە لە پاڵەوانیەتییەکان و بە دەستەوارەکانیش دڵخۆش نییە، کە تیپەکە لە ماوەی کۆتایی ئەنجامی داون».

## بارسێلۆنا خۆی بۆ رۆیشتنی ئێنریکی ئامادە دەکات

لە لایەکی دیکەوە ماڵپەڕی (کالچیۆ میرکاتۆ)ی ئیتاڵی باس لەوە دەکات، یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی خۆرخی سامپاولی ئەرجەنتینی وەک جێگرەوەی پێشبینیکراوی راهێنەرە ئیسپانییەکەی لویس ئێنریکی دەستنیشان کردووە، کە هێشتا ئایندەی لەگەڵ بلاوگرانا دیار نییە.

ماڵپەڕەکە دووپاتی دەکاتەوە، بارسێلۆنا لیستێکی پێکهاتووی لە سامپاولی راهێنەری سیڤیلیا، هاووڵاتییەکەی ماوریسیۆ پۆچیتینۆی راهێنەری تۆتنهام و فرانک دی بۆری هۆڵەندی راهێنەری پێشووی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی و ئەجاکسی هۆڵەندی، وەک جێگرەوەی پێشبینیکراوی ئێنریکی داناوە. ئێنریکی هێشتا پلانی ئایندەیی خۆی ئاشکرا نەکردووە، یان دەیەوێ گرێبەستەکەی لەگەڵ بارسا تازە بکاتەوە، کە هاوینی داهاتوو کۆتایی دێت، بۆیە یانەکەی کەتالۆنیا دەستی بە جووڵەکردن بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەی کردووە.

رۆژنامەی ASی ئیسپانی ئاشکرای کردبوو، مەرجی سزایی لە گرێبەستەکەی سامپاولی دەگاتە 1.5 ملیۆن یۆرۆ، ئەو بڕە پارەیەش بارسێلۆنا زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بیدات. ئەگەر ئێنریکی بڕیار بدات بڕوات، سامپاولی لەوانەیە باشترین بژاردە بێت، دوای ئەوەی بە بردنەوەی نازناوی کۆپا ئەمریکا 2015 لەگەڵ هەڵبژاردەی چیلی و رابەرایەتیکردنی سیڤیلیا بۆ پلەی سێیەمی لیگا لەم وەرزە تواناکانی خۆی سەلماند.

لویس ئێنریکی، لە یەکەم وەرزیدا توانی 3 نازناو لەگەڵ بارسا بەدەستبێنێت، بەر لەوەی نازناوی لیگا و جامی شا لە وەرزی رابردوو بەدەستبێنێت، زێدەباری بەدەستهێنانی نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا، سوپەری ئەوروپا و مۆندیالی یانەکان.

«رۆناڵدۆ شتە شاراوەو نهێنییەکانی مێسی لە بارسێلۆنا دەزانێت»





## ڕاستە

مارکۆ ڤیراتیی یاریزانی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی دانی بەوەدانا کە گوتوویەتی «شانازی بەوە دەکەم یاری بۆ یانەی بارسیلۆنای بکەم». ئەو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، گوتوومە من و هەموو یاریزانێکی دیکەش دڵخۆش دەبێت کە بارسیلۆنا بایەخی پێبدات، زۆر شانازیم بەوە کرد کە بارسیلۆنا داوای گرێبەستی لێکردم، زۆریش دڵخۆش دەبم کە هەندێک من بە چاڤیی کاپتنی پێشووی بارسا دەچوێنن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دەمەوێ لە پاریس سانجێرمان بڕۆم».

ئامار

# کاسیاس
# گۆڵ

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

یانەی پۆرتۆی پورتوگالی لەسەرووی لیستی خولە گەورەکانی ئەورووپا دێت، لە رووی کەمترین ڕێژەی گۆڵ لێبوون لە یەک یارییدا، ئەو دەستکەوتەش بە پلەی یەکەم بۆ گۆڵپارێزی ئیسپانی، ئیکەر کاسیاس دەگەڕێتەوە، ئەمە بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردووەتەوە.

ژمارەکانی لەسەر ئاستی هێڵی بەرگری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و کیشوەریی باشترین بوو، دوای ئەوەی تۆڕی گۆڵی کاسیاس تەنیا 11 جار لە 20 یاری **(تاوەکو بەر لە گەڕی ئەم هەفتەیەی ئەم وەرزە)** هەژێندراوە، بە ڕێژەی 0.55 گۆڵ لە یەک یارییدا. بەرگری بایرن میونشن سەرلیستی خولی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی گۆڵپارێزی نێودەوڵەتی





کۆمەڵێک سیفەت و نەریتی سەیری هەیە..

# ئەگەر ئەم سیفەتانەت هەبێت هاندەری نادالی

ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو سیفەتانەی، کە لە یاریزانی تێنسی ئیسپانی ڕافاییل نادالدا بەدی دەکرێن و دەڵێت «ئەگەر ئەم سیفەتانەت تێدا بێ واتە تۆ هاندەری ڕافاییل نادالی».

ئەو یاریزانە بەوە بەناوبانگە کە چەندین نەریت و کرداری تایبەت بە خۆی هەیە، لە ژیانی ڕۆژانەی ئەنجامیان دەدات. بۆیە ئەگەر هەمان سیفەتت تێدایە، تۆ بێشک لە هاندەرانی ئەو ماتادۆرە ئیسپانییەی. ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «نادال زیاتر حەزدەکات شۆرت لە پێ بکات، بۆیە پانتۆڵە کورتەکانی لە دۆڵابێک لە تەک کراسە بێ قۆپچەکانی دەق کردووە». هەروەها دەڵێت «نادال بەوە ناسراوە کە ڕاستەوانەیە، بەڵام بۆ نووسین دەستی چەپی بەکاردێنێت».

ڕۆژنامەکە هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، نادال زۆر وشەی «فاموس» دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر بیەوێ لە کاتی یارییەکاندا هانی خۆی بدات، بێجگە لەوەی خزمەکانی بەناوی جیا لە ناوی خۆیان بانگ دەکات، ئەو بە «تۆنی» بانگی مامی دەکات، هەرچەندە ناوی ڕاستەقینەی «ڕوبار»ە.

نادال ئەو کاتەی لە یارییەکانی بەو ئەنجامانە لەپێش دەبێت: 6 ـ 1، 5 ـ 0 و 4 ـ 0 متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێت. ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات، نادال خۆی لە پیادەڕۆیی بەدوور دەگرێت، ئەگەر ئەوەش بکات ڕێڕەوی پیادەڕۆییەکان بەکاردێنێت. ئەگەر بیەوێ هۆکاری گواستنەوەی گشتی بەکاربێنێت، ڕێگە بە سواربووەکان دەدات بەپێشی کەون، بۆ ئەوەی لە قەرەباڵغی دوورکەوێتەوە. زێدەباری ئەوەی، ماتادۆر پێی وانییە ناندینەکەی ڕێکوپێکە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە قوتووی خوێیەکە لەتەک قوتووی بیبەرە ڕەشەکە دەبێت.

ڕۆژنامە فەرەنسییەکە دووپاتیشی دەکاتەوە، نادال لە بینەرانی زنجیرەی تەلەفزیۆنی ئەمریکی «مونک»ە. لە لایەکی دیکەوە نادال پەسنی ڕکابەرەکانی لە تێنس دەدات، هەرچەندە لێشیان دەباتەوە. لە کۆتاییدا ڕۆژنامەکە دەریدەخات، نادال لە کاتی ڕاهێنانی ئاسندا «دەمبڵ»، چاو دەخاتە سەر بەکارهێنانی دەستی چەپی. سەبارەت بە دروشمی یەکەمیشی، ئەو لە بنەڕەتدا پشت بە تەکتیکی «باشترین شێوازی هێرشبردن، بەرگریکردنە» نەوەک پێچەوانەکەی.


لە تۆپی پێش هاندەرێکی سەرسەختی ڕیال مەدریدە، هەرچەندە خەڵکی شاری مایۆرکایە. ئەو هێندە ڕیال مەدریدی خۆشدەوێت تەنانەت حەزدەکات لە مایۆرکاش بباتەوە.

"ڕاستەوانەیە، بەڵام بۆ نووسین دەستی چەپی بەکاردێنێت"

"لە ناندینەکەیدا پێویستە هەمیشە قوتووی خوێیەکە لەتەک قوتووی بیبەرە ڕەشەکە بێت"

"هێندە ڕیال مەدریدی خۆشدەوێت حەزدەکات لە یانەی شارەکەیشی بباتەوە"

"حەزی لە پانتۆڵی کورت و کراسی بێ قۆپچەیە"



من دەڵێم گەمژەیە تۆ بڵێ بەدبەختییە..

# ساوپاولۆ بە 15 هەزار دۆلار ڕۆناڵدۆی نەویست

ڕووداوی وەرزشی ـ Samba

یانەی ساوپالۆی بەرازیلی ئێستاش گلەیی لە بەدبەختی خۆی دەکات، لەسەر لەدەستدانی دەرفەتی گرێبەستکردن لەگەڵ یەکێک لە باشترین هێرشبەرەکان لە مێژووی تۆپی پێدا، کە ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل بوو.

ساڵی 1992 ڕۆناڵدۆی بەرازیلی بەرامبەر تەنیا 15 هەزار دۆلاری ئەمریکی خرایە بەردەم یانەی ساوپاولۆ، بەڵام سەرۆکی ئەوکاتی یانەکە جۆزێ ئیدواردۆ بیمینتا، بڕیاریدا بەهاکە زۆرەو داوایکرد بۆ نیوە کەم بکرێتەوە. گرێبەستەکە لەلایەن دۆزەرەوەی بەهرەکان کالیف نیتۆ پێشکەش کرابوو، ئەو ڕۆناڵدۆی دیتبوو کە لەگەڵ یانەی ساو کریتۆفاو یاری دەکرد، نامەیەکی بۆ بیمینتا ناردبوو، بۆ ئەوەی دەستەوارەکە تەواو بکات.

ماڵپەڕی UOLی بەرازیلی ئەو نامەیەی بڵاوکردەوە، کە نیتۆ ناردبووی و تێیدا دەڵێت «یاریزانێکم هەیە خەڵکی ریۆیە هێشتا نەبووەتە 17 ساڵی، خەڵکی زۆر بە نایابی باسی دەکەن، ئەو لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی بەرازیل وەک هێرشبەر یاری دەکات». هەروەها دەشڵێت «ئەوان دەیانەوێ بەرامبەر 15 هەزار دۆلار لەگەڵ ساوپاولۆ یاری بکات، ئەو یاریزانە دەبێتە یاریزانی ساوپاولۆ، بەرامبەر ئەوەی وێنەی یاریزانەکە لەنێوانمان دابەش بکرێت». ماڵپەڕی UOL زیاتر لەو بارەوە دەڵێت «بیمینتا بەو بڕە پارەیە ڕازی نەبوو، گرێبەستەکەی ئەو تەنیا 7.5 هەزار دۆلار بوو، بۆ ئەوەی ڕۆناڵدۆ بەدەست بێنێت، بەمەش دەستەوارەکە سەری نەگرت و ڕۆناڵدۆ چووە ریزەکانی یانەی کرۆزیرۆ و 12 گۆڵی لە 14 یاری تۆمارکرد».

لەدوای کرۆزیرۆ ڕۆناڵدۆ چووە ریزەکانی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی، دواتر بارسیلۆنا، ڕیال مەدرید و هەردوو جەمسەرەکەی میلان و بووە یەکێک لە ئەفسانە نەمرەکان.



سەرۆکی بارسیلۆنا بۆ سەرۆکی ڕیال مەدرید:

# من وەکجاران ئاژەڵ نیم

ڕووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER

خوان گاسپارت، سەرۆکی پێشووی یانەی بارسیلۆنا، پەیامێکی ئاگرینی بۆ سەرۆکی ئێستای ڕیال مەدرید فلۆرەنتینۆ پیرێز ڕەوانە کرد، کە پێویستە ئارام بێت و چیدی چیرۆکی خەیاڵی و درۆزنانە لە نێوەندی وەرزشیی ئیسپانی دانەهێنێت و گوتی «وەکجاران ئاژەڵ نیم بە درۆیەکانت باوەڕ بکەم».

فلۆرەنتینۆ پیرێزی، سەرۆکی ڕیال مەدرید، دوای ئەوەی دووپاتیکردەوە یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ ناتوانێت یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەئامێز بگرێت، چونکە ئەوکاتی یاری کۆتایی لە نێوان بارسیلۆنا و دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس لە 27 ئایاری داهاتوو دەکرێت، نۆژەنکردنەوەی گەورە لە یاریگە دەکرێت، شەیدایانی بارسیلۆنا و بەرپرسانی ئێستا و پێشووی وەڵامیان ئەوەبوو، هەر جارێک بارسیلۆنا داوای ئەنجامدانی یاری کۆتایی جام لە برنابیۆ بکات، نۆژەنکردنەوە لە برنابیۆ دەکرێت، هۆکارەکەش ڕوونە و بریتییە لەزۆری یادگارییە ناخۆشەکان.

خوان گاسپارت، لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، گوتی «دەبێت فلۆرەنتینۆ پیرێز ئارام بگرێت، چونکە من هێشتا هاندەری بارسیلۆنام، بەڵام وەکجاران ئاژەڵ نیم تاوەکو بە درۆیەکانی باوەڕ بکەم». هەروەها گوتیشی «من وەک خوان گاسپارت بەفەرمی داوا دەکەم، ڕیال مەدرید بە داوایەکی نووسراو داوا لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بکات، نایەوێ یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ بەڕێوەبچێت». گاسپارت لە کۆتاییدا گوتی «فلۆرەنتینۆ پیرێز داواکاری پێشکەشی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا دەکات، بەڵام نابێت چیرۆکی خەیاڵی زیاتر داهێنێت».

## جوانترین لێدوان



لە دوایین وەرزدا بێرلسکۆنی ویستی بمفرۆشێتە مانچێستەر سیتی، بەڵام ئەو نەیدەزانی کە بۆ من مردن نزیکترە لەوەی میلان جێبهێڵم

پاولۆ ماڵدینی
(کاپتنی پێشووی یانەی میلان)



یاری کۆتایی جامی شا بەبێ سوارێز بێ خوێ دەبێت، بەڵام یارییەکە هەر شیرین دەبێت، چونکە مێسی شەکرە

حەفیز دەڕاجی
(پێشکەشکاری بی ئێن سپۆرت)



من ئەو یاریزانەم خۆشدەوێت کە حەزی لە بردنەوەیە، ئەگەر ئەو نەبوو حەزم لەو یاریزانەیە کە ڕقی لە دۆڕاندنە

دیێگۆ سیمیۆنی
(ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



باوکی هیگواین دەیویست کوڕەکەی لە ناپۆلی بمێنێتەوە، بەڵام دایک و براکەی لەبەر پارە سووربوون لەسەر ڕۆیشتنی ئەو بۆ یوڤانتۆس

ئۆریلیۆ دی لاورێنتس
(سەرۆکی یانەی ناپۆلی)



من لەجیاتی بەرپرسانی میلان بم هەرزوو کارلۆس باکا لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە، چونکە ئەو بووەتە بەرگرانی بەسەر یانەکەوە


ئەلیساندرۆ کوستاکۆرتا
(یاریزانی پێشووی یانەی میلان)



گریزمان هەرگیز ناچێتە ریزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتد، چونکە لە ڕاستیدا ئەو یانەیەکی بچووکە بۆ یاریزانێکی گەورەی وەک گریزمان


ئێنریکی سیریزۆ
(سەرۆکی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 437 )
سێشەممە 2017/2/14



**درۆیە**

ریاز مەحرزی یاریزانی یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە بەمدواییە لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا لەبارەی یانەکەیان بڵاوکراونەتەوە، گوایە یاریزانانی لیستەر ستی هەر لە ئێستاوە خۆیان بەدەستەوە داوەو دەزانن کە ئەمساڵ ناتوانن لە پریمەرلیگ بمێننەوە. لەو بارەوە مەحرز گوتی «درۆیە، ئێمە بەهیچ شێوەیەک خۆمان بەدەستەوە نەداوە، هەرگیز رێگەش نادەین جارێکی دیکە لە پریمەرلیگ دەربکرێین، راستە بە ماوەیەکی خراپدا تێدەپەرین، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە بارودۆخێکی کاتییە و لێی رازگار دەبین».



ئەگەر گریزمان بچێتە مانچێستەر یونایتد..

# شەیتانەکان دوایین 14 یاریزانی ژمارە 7یان لەبیردەچێتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

لە سایەی ئەو راپۆرتانەی ئاماژە بە ویستی مانچێستەر یونایتد، بۆ چوونە نێو میرکاتۆی هاوینە دەکەن، بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ ئەنتوان گریزمانی یاریزانی فەرەنسی یانەی ئەتلەتیۆ مەدرید بکات، هەموو ئاماژەکان پێیانوایە درێسی ژمارە 7 لەبەردەکات، کە شەیتانە سوورەکان گیرۆدەی یاریزانێکی یەکلاییکەرەوەن، دوای رۆیشتنی ئەفسانەکان ئەوانەی جاران هەمان ژمارەیان لەبەردەکرد. بەڵام هەندێ گۆرانکاریی روودەدات، ئەگەر گریزمان بچێتە قەڵای ئۆڵدترافۆرد، ئەوانیش ئەمانەن:

1 ـ خیسێ لینگارد، پشتیوانی پۆل پۆگبا لەدەست دەدات، هەست بە ئیرەیی دەکات، لە دۆستایەتی پۆگبا لەگەڵ گریزمان، چونکە چاوی دەخاتە سەر پشتیوانیکردنی گریزمان لە هێرشبردین یونایتد، لەو کاتەی لینگارد هەوڵ دەدات پشت بە مارکۆس راشفۆرد ببەستێت.

2 ـ جەماوەری یونایتد بەپەرۆشی دەستەوارەکەی گریزمانن، دوایین 14 یاریزانیان لەبیر دەباتەوە، کە هەمان ژمارەیان دەپۆشی، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوون.

3 ـ جەماوەر بە ئەرێنی لەو یاریزانە فەرەنسییە دەروانن، شکۆیەکانی ئێریک کانتۆنایان بیردەکەوێتەوە، کە دەبینن گریزمان درێسی ژمارە 7 لە یونایتد لەبەردەکات.

4 ـ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دڵخۆش دەبێت بەوەی لەگەڵ گریزمان یاری دەکات، کە چەندینجار ئاماژەی بەوە کردووە کە دەیەوێ لەسەر رێچکەی ئەستێرەی سوێدی گوزەر بکات.

5 ـ خۆزێ مۆرینیۆ بەشداریکردنی گریزمان لە 3 مانگی یەکەم لەگەڵ یونایتد سڕدەکات، پاشان لەناکاو دەیخاتە نێو پلانەکانی تیپەکەی، کە دەردەکەوێ یاریزانێکی بلیمەت و یەکلاییکەرەوەیە.

6 ـ هاتنی گریزمان رێگە بۆ واین رۆنی خۆش دەکات فێری زمانی چینی بێت و بچێتە ئەوێ.

7 ـ گۆرانیبێژی کەنەدی، دریک لەسەر تویتەر گواستنەوەی گریزمان بۆ یونایتد رادەگەینێت، لە رێگەی ڤیدیۆیەکی بچووکەوە لەگەڵ گریزمان بەیەکەوە درێسی یونایتد دەپۆشن.

...کان شایەتی بۆ دەدەن..

# ...ن ئێستاش باشترین ...ڵپارێزی جیهانە



مانوێل نۆیەر لە پلەی دووەم دێت، کە تۆڕەکەی 12 جار لە 19 گەڕی یاریکراو لە بۆندسلیگا هەژێندراوە، بە رێژەی 0.63 گۆڵ لە یەک یارییدا. بەرگری یانەی ڤیاریالی ئیسپانی لە پلەی سێیەم دێت، تۆڕی گۆڵپارێزی ئیسپانی سێرجیۆ ئەسینسیۆ 14 جار 21 لە گەڕی یاریکراو لە لیگا هەژێندراوە، واتە بە رێژەی 0.66 گۆڵ لە یەک یارییدا.

لە پلەی چوارەم بەرگری یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی دێت، بە سەرکردایەتی گۆڵپارێزی فەرەنسی هۆگۆ لۆریس، باشترین گۆڵپارێز لە دوایین یۆرۆدا، تۆڕی گۆڵەکەی 16 جار لە 24 یاری کراو لە پریمەرلیگ هەژێندراوە، بە رێژەی 0.66 گۆڵ لەیەک یارییدا. بەرگری یوڤانتۆس پاڵەوانی خولی ئیتاڵیا بە سەرکردایەتی جیانلویجی بوفۆنی گۆڵپارێز لە پلەی پێنجەم دێت، بە رێژەی 0.76 گۆڵ لە یەک یارییدا، تۆڕی گۆڵی خانمە پیرەکە 16 جار لە 21 گەڕی یاریکراو لە کالچیۆ هەژێندراوە.

لە پلەی شەشەم بەرگری پاریس سانجێرمان بە سەرکردایەتی گۆڵپارێزی ئەڵمانی کیڤان تراب دێت، هەرچەندە ئاستی یانەکەی پاریس لەم وەرزە پاشەکشەی کردووە، کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بچێتە سەرلیستی خولەکە، تۆڕی گۆڵەکەی 17 جار لە 23 گەڕی یاریکراو لە لیگا وەن هەژێندراوە، بە رێژەی 0.74 گۆڵ لەیەک یارییدا، ئەو رێژەیە سەرکەوتنی رۆڵەکانی باخچەی شازادەکان لە پارێزگاریکردن لە یەکڕیزی هێڵی بەرگرییان بە رابەرایەتی راهێنەری ئیسپانی ئۆنای ئیمری دەردەخات، پاشەکشەکردنی ئەنجامەکانی تیپەکەش ئەوەندە کارەساتبار نییە، وەک دەزگاکانی راگەیاندن باسی دەکەن.

هەرچەندە نایەوێ یاری بۆ یانەی شاهانە بکات..

# ئایندەی سانچێز بەدەستی ریال مەدریدە



**رووداوی وەرزشی ـ یوڤانتۆس مانیا**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی ئاشکرایکرد چارەنووسی ئەلیکسیس سانچێزی هێرشبەری ئارسیناڵی ئینگلیزی، بەدەست یانەی ریال مەدریدە، ئەگەرچی ئەو یاریزانە ناچێتە ریزەکانی ئەو یانە ئیسپانییە.

وەک سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ دەکات، سانچێزی چیلیی بە کارگێڕی یانەکەی راگەیاندووە، ئەو وەرزی داهاتوو لە ریزەکانی یانەکە نابێت، دوای لەدەستدانی دەرفەتێکی تازە بۆ بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ و بە بە بریکارەکەی راگەیاندووە، بەدوای یانەیەکی تازەدا بگەڕێت، کە لە بردنەوەی نازناوەکان را هاتبێت بۆ ئەوەی بچێتە ریزەکانی. سانچێز 4 گرێبەستی مسۆگەری لەسەر مێزەکەی هەیە، کە بریتین لە هەریەک لە یانەکانی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، یوڤانتۆسی ئیتاڵی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، یۆڤی بیر لە سانچێز دەکاتەوە وەک جێگرەوەی پاولۆ دیبالای هێرشبەری ئەرجەنتینی، کە نزیکە لە هاوینی داهاتوو بڕوات، بەرپرسانی ئەو یانەیەش پێیانوایە سانچێز جێگرەوەیەکی گونجاوی ئەو کەلێنەیە. سەرچاوەکە دەڵێت «لەوانەیە دەستەوارەکەی سانچێز سەر بگرێ، ئەگەر دیبالا بڕوات، بۆیە ریال مەدرید خۆی مەلاس داوەو دەیەوێ گرێبەست لەگەڵ دیبالا بکات لە هاوینی داهاتوودا».

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا ئاماژە بەوە دەکەن، ریال مەدرید لەوانەیە زوو بۆ پەلکێشکردنی دیبالا بکەوێتە خۆ، ئەمەش گەیشتنی سانچێز بۆ یۆڤی خێراتر دەکات.



## ...ەکانی هەفتە



فلۆرەنتینۆ پیرێز مافی خۆیەتی بڵێت نابێ یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیا لە سانتیاگۆ برنابیۆ بەڕێوەبچێت، ئەگەر ئەو داوایە لە بارسێلۆناش کرابووایە هەمان هەڵوێستی دەبوو

زەینەدین زیدان
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



کێشەی مێسی لەوەدایە بۆ راگرتنی پێویستە کۆمەڵێک یاریزان پێکەوە بۆی بچن، کەچی ئەوکاتیش پاسێکی سیحری دەداتە هاوڕێیەکی و بە تەنیا لەگەڵ گۆڵپارێز دەیهێڵێتەوە

ئەنخێل دی ماریا
(ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان)



خەڵک وادەزانێت میلان بە 9 یاریزانەوە لە بۆلۆنیای بردووەتەوە، بەڵام لە راستیدا ئێمە بە 8.5 یاریزانەوە یارییەکەمان بردەوە، چونکە ئەندریا بۆلی بە پێکانەوە یاری دەکرد

ڤنتشینزۆ مۆنتێلا
(راهێنەری یانەی میلان)



ئەوانەی ئێستا خۆیان بۆ کۆنتی شێتکردووە، هەر ئەوانە بوون ئەوکاتەی من وەک ئەو بە هێرشی هەڵگەڕاوە یارییەکانم دەبردەوە دەیانگوت نەخێر ئەوە یاری نییە

خۆزێ مۆرینیۆ
(راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتد)



من لێدوانەکەی مۆرینۆم بیست، بەڵام رێزی هەموو راهێنەرێک دەگرم رەوشتم رێگام پێنادات قسە لەسەر هیچ راهێنەر و تیپێک بکەم و وەڵامی کەسیش نادەمەوە

ئەنتۆنیۆ کۆنتی
(راهێنەری یانەی چێلسی)



بەڕای من باشترین یاریزان لە مێژووی ریال مەدریددا دیستیفانۆیە، ئینجا خینتۆ، کریستیانۆ سێیەمە و لەدوای ئەویش زیدان و رامۆس دێن

رائوول گۆنزالیس
(کاپتنی پێشووی ریال مەدرید)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 437 )
سێشەممە 2017/2/14



## گاڵتەجاڕییە

میدیا وەرزشییەکانی چین، ئاستی ئێزیکوێل لاڤێتزی یاریزانی ئەرجەنتینی، کە ئێستا لە خولی ئەو وڵاتە بۆ یانەی هیب یاریدەکات، بە «گاڵتەجاڕانە» وەسف کرد، کە ئەو یاریزانە سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی خەیاڵی پێدراوە، نەیتوانیوە ئاستێکی باش پێشکەش بکات، تەنانەت تاوەکو ئێستا هیچ گۆڵێکی بۆ یانەکەی تۆمار نەکردووە. لاڤێتزی بەهۆی زۆر تووشبوونی بە پێکان، تاوەکو ئێستا تەنیا 10 یاری بۆ یانەکەی کردووە، بەڵام لەو 10 یارییەشدا نەیتوانیوە هیچ گۆڵێک تۆمار بکات، سەرەڕای ئەوەی مووچەی ساڵانەی 24 ملیۆن یۆرۆیە.

ئەمڕۆ چامپیۆنزلیگ دەستپێدەکاتەوە..

# ڤالانتاینەکەی چامپیۆنزلیگ پێویستی بە شێری دڕندەیە نەک ورچی سوور

**شرۆڤە: سەفین تەها**

جارێکی دیکە سرووده بەناوبانگەکەی تۆنی بریتۆن دەبیستین، نیشانەی ئەوەیە کە ئیدی چامپیۆنزلیگ دەستپێدەکاتەوە، هەرچەندە زیاتر لە دوو مانگە چامپیۆنزلیگ وەستاوە، بەڵام دڵنیابن هەگبەی ئەمجارەی پڕە لە تامەزرۆیی، پڕە لە حەسرەت و پەنجە گەستن، ئەمجارە خولی پاڵەوانەکان رووی راستەقینەی بەشێک لە یانەکان دەردەخات و ئەوەش یەکلاییدەکاتەوە کە کام یانە بۆ چ مەبەستێک لەم وەرزەدا یاری دەکات.

ئەمساڵ یانە هەیە خۆی تایبەت کردووە بەم خولە، بۆ نموونە لیستەر سیتی و ئاتلێتیکۆ مەدرید، تێشیدایە پێویستی زۆری بەم نازناوە نییە بۆ خولێکی نێوخۆیی عەوداڵە، ئەویش ریال مەدریدە، بەهەرحاڵ ئەوەی کە دەبێت لەم گەڕی چوونەی چامپیۆنزلیگدا بەدیبکەین ئەوەیە کە ئەو یانانەی لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان یاری دەکەن هەموو هەوڵێکیان بۆ وەشاندنی چەپۆکێکە و بەپێچەوانەشەوە تیپە خانەخوێیەکان باش لەوە حاڵی بوون کە مێژوو شایەدی هەموو هەڵگەڕانەوەیە و ئەنجامی چاوەڕێنەکراو لە هەموو شتێک نزیکترە.



پاریس سانجێرمان - بارسێلۆنا
سێشەممە 14/2/2017

## کلاکێتی پێنچ ساڵی رابردوو

ئەمە جاری سێیەمە لە پێنج وەرزی رابردوودا بارسێلۆنا رووبەڕووی پاریس سانجێرمان دەبێتەوە، ئەمە یەکێکە لە زۆرترین ئەو رووبەڕوبوونەوانەی لە 10 ساڵی رابردوودا لەسەر ئاستی قۆناخی چوون و گەڕانەوە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بیندراوە. بەڵام ئایا پاریس ئەو رکابەرە قورسە بووە بۆ بارسێلۆنا؟ بێگومان رابردوویەکی نزیک وەڵامی ئەمەمان دەداتەوە و پێمان دەڵێت لەو سێ جارەدا بارسا لە دووانیاندا سەرکەوتوو بووە، ئەگەر بڵێین ئەمە مێژووە و زۆر گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام خۆ ئەوکات زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ و ئەدینسۆن کاڤانی سەرکردایەتی پی ئێس جییان دەکرد، نەک بە تەنیا ئەوەی دووەمیان، ئێستا پاریس نەک تەنیا ئاستی جێگیر نییە، بەڵکو لە ریزبەندی خولی وڵاتەکەشیدا لە پلەی یەکەم نییە و هەندێک یاری زۆر بە ئاسانی خاڵ دەبەخشێتەوە.

دوایین رووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە وەرزی 2014 ـ 2015 بوو، ئەوکات لە قۆناخی چارەکی کۆتاییدا بارسا بە ئەنجامی هەردوو یاری 5 ـ 1 بردییەوە، لە یاری یەکەمدا 3 ـ 1 لەنێو پاریسدا براوە بوو، گەر لە یادتان بێت ئەوکات پاریس 42 یاری بوو لەسەر یاریگەی خۆی لە پاڵەوانیەتییە ئەوروپییەکان نەدۆڕابوو، لە یاری گەڕانەوەش 2 ـ 0 پێی دۆڕا.

یاری ئەمجارە لەسەر خاکی میرەکانە، کەواتە پاراستی گۆڵەکەیان زۆر زۆر گرنگە، بەڵام ژمارەیەک هەیە کە سوودی بۆ پاریسییەکان نییە، ئەویش لە کۆی ئەو 9 یارییەی نێوانیان پاریس نەیتوانیوە بۆ تەنیا یەک یاریش پارێزگاری لە گۆڵەکەی بکات.

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد ژمارەکان زۆربەیان لە سوودی بارسان، ئەوان لە دوایین 11 یاری قۆناخی چوون و گەڕانەوەدا 9 جار براوە بوون و 2 جار دۆڕاون، ئەی ئەگەر ئەم ژمارەی ئونای ئێمری رەنگە زۆر مەترسیداربێت بۆ هەوادارانی پاریس، چونکە لە کۆی 23 یاری بەرامبەر بە بارسێلۆنا تەنیا یەک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، 16 یاری دۆڕاوە و 6 یاریش یەکسان بووە. کاڤانی ئەستێرەی هێڵی پێشەوەی پاریسە، بەڵام بە درێژایی 350 خولەک یاریکردن بەرامبەر بە بارسا نەیتوانیوە تۆری بلاوگرانا بهەژێنێت، لە کاتێکدا لەم وەرزەدا خاوەنی 6 گۆڵە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

## چوارشەممەی چامپیۆنزلیگ، زوڵمێکی گەورە لە بینەرەکانی دەکات

رەنگە ئەمە ناونیشانێکبێت پڕ بە پێستی ئەو ستەمە بێت کە لە ئێمەی بینەر دەکرێت، ئاخر مەعقولە لە یەک شەو و یەک کاتدا 2 یاری بەڕێوەبچێت، کە بەلای زۆر کەسەوە کۆتایی پێشوەختەن، ئەگەر هاندەری هیچ کامیان نەبیت، سەرت لێدەشێوێت و نازانی سەیری کامیان بکەیت، خۆ بۆ ئێمەی رۆژنامەنووسیش هەردوو یاری بەقەد هەموو یارییەکانی دیکەی چامپیۆنزلیگ گرنییان هەیە، بەڕاستی ئیدی هەقە یوفا چاوێک بە کاتی یارییەکاندا بخشێنێتەوە.

ریال مەدرید - ناپۆلی
چوارشەممە 15/2/2017

## یاری جەنگاوەرە بچووکەکانی پارتینۆپێ بەرامبەر دڵگەرمەکانی کۆشک

ئەم یارییە شایەنی پێشبینی بۆ کردن نییە، ناپۆلی لە بەهێزترین کاتیدا و ریال مەدریدیش بارودۆخی لەو پەڕی سەقامگیریدا نییە، چونکە ئەوان بە کۆمەڵێک پێکان و کێشەوە میوانداری کوڕانی دیلاورێنتس دەکەن.

ئەگەر باسی ناپۆلی ئەمساڵ بکەین، دەبێت راستەوخۆ پەنجە بۆ درایس مێرتێنس رابکێشین، ئەو یاریزانەی کە بە سووپەر هاتریکێک و هاتریکێک خۆی خزاندە نێو رکابەری گۆڵکارانی سێریا ئەی. درێژی باڵای ئەم یاریزانە 169 سانتیمەترە، ئەی بۆ باسی لۆرینزۆ ئینسینی ناکەین، کە لەم وەرزەی سێریا ئەیدا 5 ئاسیست و 7 گۆڵی هەیە، درێژی باڵای ئەمیشیان 168 سانتیمەرە، ئیمانوێل جیاکێرینی کە بە یاریزانە جۆکەرەکەی ناپۆلی ناسراوە، درێژەی باڵای 165 سانتیمەترە، ئەمانە لەنێو یاریگەدا وەک جەنگاوەرێک دەجوڵێنەوە، ئەگەر زیدان حسابی تایبەتییان بۆ نەکات، سەرئێشەی زۆر بۆ بەرگرییەکەی دروست دەکەن.

لە مێژوودا ئەم دوو یانەیە لە ڤێرژنی نوێی خولی یانە پاڵەوانەکاندا یارییان بەرامبەر بە یەکدی نەکردووە، بەڵام لە ساڵی 1987 لە جامی ئەوروپا یەک جار کەوتنە بەرامبەر یەکدی و ریال مەدرید یاری یەکەمی 2 ـ 1 بردەوە و لە یاری دووەمیشدا 1 ـ 1 یەکسان بوون.

مێژووی ریال مەدرید بەرامبەر بە ئیتاڵییەکان رەشە، بەتایبەت لە قۆناخی چوون و هاتندا، چونکە لە دوایین 8 جار کە مەدرید بەرامبەر بە یانە ئیتاڵییەکان یاری کردبێت لە 7 جاردا کراوەتە دەرەوە، ئەو جارەی کە گەیشتە قۆناخی داهاتوو، لە ساڵی رابردوو بەرامبەر بە یانەی رۆما لە قۆناخی 16.

هیچ یانەیەک بەقەد ریال مەدرید لە مێژوودا نەیتوانیوە 20 جار لەسەریەک بگاتە ئەم قۆناخە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەزنی ئەو تیپە دەردەخات کە 11 جار چووەتە سەر سەکۆی نازناوەکە.

بایرن میونشن - ئارسیناڵ
چوارشەممە 15/2/2017

## ئارسیناڵ شووتی بخوات ددانی دەشکێت!

ئاخر ئەوە بەدبەختی نییە کە لە قۆناخی کۆمەڵەکان بە پلەی یەکەم سەربکەویت و بکەویتە بەرامبەر بایرن میونشن؟ جا خۆ لە ساڵانی رابردووشدا بینیومانە کە گەنەرز چۆن بە پلەی دووەم سەردەکەوت و بارسێلۆنا زۆر بە ئاسانی رەوانەی لەندەنی دەکردەوە، ئەمە نەگبەتی ئارسیناڵە کە ئەمساڵ پلەی یەکەمی بەدەستەوە بووە و کرانە دەرەوەشی لۆژیکێکی چاوەڕێکراوە.

لە دوایین 5 ساڵی رابردوو، ئارسیناڵ و بایرن میونشن 4 جار رووبەڕووی یەکدیبوونەتەوە، لە مێژووی قۆناخی 16شدا باڤاری و گەنەرز 3 جار رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوەو هەر سێ جارەکەش ئێفسی هۆڵیوود ( بایرن) براوە بووە.

لە هەمووشی ناخۆشتر بۆ هاندەرانی گەنەرز ئەوەیە کە لە دوایین 6 ساڵی رابردوو لە قۆناخی 16 کراوەتە دەرەوە، کە 2 جاریان لەسەردەستی بایرن میونشنی ئەڵمانی بووە.

«لە دوایین 8 رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یانە ئیتاڵییەکان، ریال مەدرید 7 جار دەرکراوە»

«لە دوایین 6 چامپیۆنزلیگدا ئارسیناڵ لە قۆناخی 16 دەرکراوە»

«چوارشەممەی چامپیۆنزلیگ، زوڵمێکی گەورە لە بینەرەکانی دەکات»

«کاڤانی 350 خولەکە نەیتوانیوە گۆڵ لە بارسا بکات»

«ئارسیناڵ شووتی بخوات ددانی دەشکێت!»

بێنفیکا - بورۆسیا دۆرتموند
سێشەممە 14/2/2017

## هەمووان چاوەڕێی دەرکەوتنی زەردەواڵە ئۆرجیناڵەکەن

یانەی بورۆسیا دۆرتموندی ئەڵمانی ئەمساڵ تا رادەیەکی زۆر دەستەکانی بەرزکردووەتەوە و خولی ئەڵمانی کردووەتە دیاری بۆ بایرن میونشن، هەموو هیواو ئاوەتەکەی ئەوەیە رووداوێک بۆ مێژوو تۆماربکات ئەویش دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی ساڵی 2013یە کە گەیشتە یاری کۆتایی، بەڵام ئەمجارە دوور لە چەپۆکی دێوەزمەی بایرن میونشن.

هەرجی بێنفیکایە سەنگەرەکانی لە پۆرتۆ قایمکردووە، تەنیا خاڵێک جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکدا و سوور پۆشەکانی دالوز پلەی یەکەمی خولی پورتوگالییان بەدەستەوەیە، ئەوان ئەمساڵ لە کۆمەڵەیەکدا بوون کە بە پەرجوو (موعجیزە) گەیشتنە ئەم قۆناخە، چونکە ناپۆلی لەلایەک و بێشکتاش لەلایەکی دیکە تەنگیان پێ هەڵچنیبوو.

بێنفیکا بەرامبەر بە ئەڵمانەکان ئەژنۆی شکاوە، لە کۆی 15 رووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر هەر تیپێکی ئەڵمانی، تەنیا یەک یاری بردووەتەوە، ئەویش دەزانن کێیە و کەی بووە؟ لە ساڵی 1998 بەرامبەر کایزەرسلاوتێرن بوو، 9 دۆڕان و 5 یەکسان بوونیشی هەیە.




KOREK Telecom

# لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک لە کورەك

پاکێجی هەفتانە

پاکێجی رۆژانە

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

korektel.com
411

رووداو وەرزشی
ژمارە (437)
سێشەممە 2017/2/14

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/17** | |
| گرانادا - ریال بیتیس | 10:45 |
| **شەممە 2017/2/18** | |
| خیخۆن - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 03:00 |
| ریال مەدرید - ئیسپانیۆل | 06:15 |
| دیپۆرتیڤۆ - ئالاڤێس | 08:30 |
| سڤیلیا - ئیبار | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/2/19** | |
| ریال سۆسیداد - ڤیاریال | 02:00 |
| ڤالنسیا - ئەتلەتیک بلباو | 06:15 |
| سێلتاڤیگۆ - ئۆساسۆنا | 08:30 |
| بارسیلۆنا - لیگانێس | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/2/20** | |
| مەلەگە - لاس پالماس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 49 |
| 2 - بارسیلۆنا | 48 |
| 3 - سڤیلیا | 46 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 42 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 41 |
| 6 - ڤیاریال | 36 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 35 |
| 8 - ئیبار | 32 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 32 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 30 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسیلۆنا | 18 |
| 2 - مێسی | بارسیلۆنا | 17 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 14 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 11 |
| 5 - ویلیان | ریال سۆسیداد | 9 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئیبار - گرانادا) دانراوە.

## جامی یەکێتی ئینگلیزی

| | |
|---|---|
| **شەممە 2017/2/18** | |
| بێرنلی - لینکۆلن ستی | 03:30 |
| میدلزبرە - ئیکسفۆرد یونایتد | 06:00 |
| هیدیر سفیلد تاون - مانچێستەر ستی | 06:00 |
| وۆلڤەرهامبتۆن - چێلسی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/2/19** | |
| فۆلهام - تۆتێنهام | 05:00 |
| بلاکبێرن رۆڤەرز - مانچێستەر یونایتد | 07:15 |
| **دووشەممە 2017/2/20** | |
| ساتۆن یونایتد - ئارسیناڵ | 10:55 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/2/14** | |
| پاریس سانجێرمان - بارسیلۆنا | 10:45 |
| بێنفیکا - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:45 |
| **چوارشەممە 2017/2/15** | |
| ریال مەدرید - ناپۆلی | 10:45 |
| بایرن میونشن - ئارسیناڵ | 10:45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیۆنێل مێسی | بارسیلۆنا | 10 |
| 2 - ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 6 |
| 3 - رۆبەرت لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 5 |
| 4 - مەسعود ئۆزێل | ئارسیناڵ | 4 |
| 5 - سێرجیۆ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 4 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 25)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/17** | |
| یوڤانتۆس - پالێرمۆ | 10:45 |
| **شەممە 2017/2/18** | |
| ئەتەلانتا - کرۆتۆنی | 08:00 |
| ئیمپۆلی - لازیۆ | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/2/19** | |
| بۆلۆنیا - ئینتەرمیلان | 02:30 |
| ڤیرۆنا - ناپۆلی | 05:00 |
| پیسکارا - جینەوا | 05:00 |
| سامپدۆریا - کالیاری | 05:00 |
| ئۆدینێزی - ساسۆلۆ | 05:00 |
| رۆما - تۆرینۆ | 08:00 |
| میلان - فیۆرەنتینا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 60 |
| 2 - رۆما | 53 |
| 3 - ناپۆلی | 51 |
| 4 - ئینتەرمیلان | 45 |
| 5 - ئەتەلانتا | 45 |
| 6 - لازیۆ | 43 |
| 7 - فیۆرەنتینا | 40 |
| 8 - میلان | 40 |
| 9 - تۆرینۆ | 35 |
| 10 - سامپادۆریا | 33 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | یوڤانتۆس | 18 |
| 2 - دزیکۆ | رۆما | 18 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 17 |
| 4 - مێرتینز | ناپۆلی | 16 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لازیۆ - میلان) دانراوە.

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 26)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/17** | |
| باستیا - مۆناکۆ | 10:45 |
| **شەممە 2017/2/18** | |
| مارسیلیا - رین | 07:00 |
| کان - لیل | 10:00 |
| لۆریان - نیس | 10:00 |
| میتز - نانت | 10:00 |
| ئەنجی - نانس | 10:00 |
| **یەکشەممە 2017/2/19** | |
| بۆردۆ - گانگۆن | 05:00 |
| لیۆن - دیجۆن | 07:00 |
| مۆنپیلیە - سانت ئیتیان | 07:00 |
| پاریس سانجێرمان - تۆلۆز | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 58 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 55 |
| 3 - نیس | 53 |
| 4 - لیۆن | 40 |
| 5 - سانت ئیتیان | 39 |
| 6 - مارسیلیا | 36 |
| 7 - بۆردۆ | 36 |
| 8 - گانگۆن | 34 |
| 9 - تۆلۆز | 33 |
| 10 - رین | 33 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 25 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 20 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 16 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 16 |
| 5 - ئەلحەسەن | نیس | 11 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 21)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/17** | |
| ئۆگسبۆرگ - بایرلیڤەرکۆزن | 10:30 |
| **شەممە 2017/2/18** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - ڤۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| فرانکفۆرت - ئینگۆلشتات | 05:30 |
| ماینز - ڤێردەربریمەن | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - بایرن میونشن | 05:30 |
| هۆفنهایم - دارمشتات | 05:30 |
| هامبۆرگ - فرایبۆرگ | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/2/19** | |
| مونشنگلادباخ - لایپزیگ | 05:30 |
| کۆڵن - شاڵکە | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 49 |
| 2 - لایپزیگ | 42 |
| 3 - فرانکفۆرت | 35 |
| 4 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 34 |
| 5 - هۆفنهایم | 34 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 33 |
| 7 - کۆڵن | 32 |
| 8 - فرایبۆرگ | 29 |
| 9 - بایرلیڤەرکۆزن | 27 |
| 10 - مونشنگلادباخ | 26 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 17 |
| 2 - مۆدیست | کۆڵن | 16 |
| 3 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 15 |
| 4 - وێرنەر | لایپزیگ | 11 |
| 5 - واگنەر | هۆفنهایم | 10 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 12)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2017/2/16** | |
| هەولێر - نەورۆز | 02:30 |
| برایەتی - پێشمەرگەی هەولێر | 02:30 |
| گازی باکوور - دهۆک | 02:30 |
| **هەینی 2017/2/17** | |
| ئارارات - سیروانی نوێ | 02:30 |
| زاخۆ - کەرکووک | 02:30 |
| گارە - هەندرێن | 02:30 |

(گرووپی یەکەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نەورۆز | 16 |
| 2 - هەولێر | 15 |
| 3 - پێشمەرگەی هەولێر | 15 |
| 4 - گازی باکوور | 12 |
| 5 - برایەتی | 12 |
| 6 - زێرەڤانی | 10 |
| 7 - دهۆک | 10 |

(گرووپی دووەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - شێروانە | 16 |
| 2 - کەرکووک | 16 |
| 3 - هەندرێن | 15 |
| 4 - ئارارات | 15 |
| 5 - زاخۆ | 14 |
| 6 - سیروانی نوێ | 10 |
| 7 - گارە | 5 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 16)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/2/16** | |
| کراسنۆدار (رووسیا) - فەنەربەخچە (تورکیا) | 07:00 |
| ئەلکەمار (هۆڵەندا) - لیۆن (فەرەنسا) | 09:00 |
| سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) - شاختار (ئۆکرانیا) | 09:00 |
| بورۆسیا مونشنگلادباخ (ئەڵمانیا) - فیۆرەنتینا (ئیتاڵیا) | 09:00 |
| ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) - ئۆسمانلی سپۆر (تورکیا) | 09:00 |
| جینیت (بەلجیکا) - تۆتێنهام (ئینگلتەرا) | 09:00 |
| روستۆڤ (رووسیا) - سپارتا براگ (چیک) | 09:00 |
| ئستریا جیۆرجیۆ (رۆمانیا) - جینک (بەلجیکا) | 09:00 |
| لودۆگۆریتس (بولگاریا) - کۆپنهاگن (دانیمارک) | 09:00 |
| مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) - سانت ئیتیان (فەرەنسا) | 11:05 |
| ئەتلەتیک بلباو (ئیسپانیا) - ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) | 11:05 |
| ڤیاریال (ئیسپانیا) - رۆما (ئیتاڵیا) | 11:05 |
| ئەندرلەخت (بەلجیکا) - زینیت (رووسیا) | 11:05 |
| سالۆنیکا (یۆنان) - شاڵکە (ئەڵمانیا) | 11:05 |
| لیگا وارسۆ (پۆڵەندا) - ئەیاکس (هۆڵەندا) | 11:05 |
| بیئر سەبع (ئیسرائیل) - بێشکتاش (تورکیا) | 11:05 |

## یارییە دیارەکانی هەفتە

| یاری | کات | پاڵەوانێتی | رۆژ |
|---|---|---|---|
| پاریس سانجێرمان - بارسیلۆنا | 10:45 | چامپیۆنسلیگ | سێشەممە 14/2/2017 |
| ریال مەدرید - ناپۆلی | 10:45 | چامپیۆنسلیگ | چوارشەممە 15/2/2017 |
| بایرن میونشن - ئارسیناڵ | 10:45 | چامپیۆنسلیگ | چوارشەممە 15/2/2017 |
| ئەلکەمار - لیۆن | 09:00 | یۆرۆپالیگ | پێنجشەممە 16/2/2016 |
| ڤیاریال - رۆما | 11:05 | یۆرۆپالیگ | پێنجشەممە 16/2/2016 |
| ڤالنسیا - ئەتلەتیک بلباو | 06:15 | خولی ئیسپانیا | یەکشەممە 19/2/2017 |
| بلاکبێرن رۆڤەرز - مانچێستەر یونایتد | 07:15 | جامی ئینگلتەرا | یەکشەممە 19/2/2017 |
| میلان - فیۆرەنتینا | 10:45 | خولی ئیتاڵیا | یەکشەممە 19/2/2017 |



## بەپێچەوانەی باوکی

سەرەڕای ئەوەی یۆرگن کلینزمانی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، وەک ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام خۆی و خێزانی هەر لە ئەمریکا دەژین، لەوانەیە هەر ئەوەش وای لە جۆناسانی کوڕی کلینزمان کردبێت، کە پشت لە باوکی بکات و بڕیار بدات یاری بۆ ئەمریکا بکات نەک ئەڵمانیا. جۆناسان کە بە یەکێک لە گۆڵپارێزە باشەکانی ئێستای ئەو وڵاتە دادەنرێت، بانگهێشتکراوە بۆ هەڵبژاردەی لاوانی تەمەن خوار 20 ساڵی ئەمریکا، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا بەشداری لە پاڵەوانیەتی کۆنکاکافی لاوان بکات لە کۆستاریکا.



### بەڵێنی داوە جارێکی دیکە نەیخواتەوە..

# کارۆل: مەی خواردنەوە منی کوشتبوو

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئاندی کارۆل، هێرشبەری یانەی وێستهامی ئینگلیزی دانی بەوەدا نا کە پێشتر ئاڵوودە بووە بە مەی خواردنەوەو هەر ئەوەش وایلێکردبوو لە هێرشبەرێکی گۆڵکارەوە ببێتە یاریزانێکی خراپ و گوتی «لە ڕاستیدا مەی خواردنەوە منی کوشتبوو».

ئاندی کارۆل، تەمەن 28 ساڵان، لە هەڤپەیڤینێکدا ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ئاڵوودەبوونی لەسەر مەی خواردنەوە دەکەن و دەڵێت ئەو کارە بووەتە ڕابردوو. کارۆل لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، من ئاڵوودە بووم بە خواردنەوەی مەی، بەڵام من پەشیمانم لەو کارەم، ئەوە کەسایەتی ڕابردووم بوو، ئێستا من مرۆڤێکی دیکەم و هەرگیز ئەو کارە ناکەمەوە».

ئەو هێرشبەرە ئینگلیزە، لەو بارەوە زیاتر گوتی «ئەوەی ڕابردوو ڕۆیشت و لەبیرم کردووە، ناکرێ چیدی بیر لەوە ڕووداوە بکەمەوە، من بیر لە ئێستا و داهاتووم دەکەمەوە، دەمەوێ ببمەوە گۆڵکارێکی بەتواناو یارمەتی یانەکەم و هاوڕێکانم بدەم».

ئاندی کارۆل، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئێستا سیستمێکی خۆراکی باش پەیڕەو دەکات و گوتی «بڕیارمداوە هەموو شتێک بگۆڕم، سیستمی خۆراکم باشە، نووستنم باشە، هەروەها توانای جەستەییشم باشە، هەموو شتێکم باشە و بە هەموو تواناکانم یاری دەکەم».




پێشبڕکێ

## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

بارزان جەمشید لە هەولێر

بە لێدوانی:

**(با ڕێکلام نەکات مێسی، ئاویش نەڕوات لە کیسی)**



ڕێبوار محەممەد

# زوڵمی بارسا و ستەمی زاخۆ

ئەمجارە ویستم لەسەر دوو وێستگەی جیاواز قسە بکەم، کە دووری نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە، بەڵام هەردووکیان دونیای وەرزش کۆیان دەکاتەوە.

ئەلێکس ڤیداڵی بەرگریکەری لای ڕاستی یانەی بارسێلۆنا، لە سەرکەوتنە گەورەکەی یانەکەیدا بەرامبەر دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس، دووچاری پێکانێکی قورس هات و پێناچێ تا وەرزی داهاتوو ئەو یاریزانە توانای گەڕانەوەی بۆ یاریگەکان هەبێت.

ڤیداڵ زوڵملێکراوێکی بەردەستی لویس ئینریکێی ڕاهێنەری بارسێلۆنایە، ئاخر ئەو ساڵی یەکەمی پەیوەندیکردنی بەو یانەیەوە بەهۆی سزای فیفاوە لەسەر بارسا نەیتوانی یاری بکات، کاتێکیش هەلی یاریکردنی بۆ ڕەخسا، ئینریکێ ناهەقییەکی زۆری بەرامبەر کرد و پێکانیش بەرۆکی بەرنەدا، ئەمساڵ لە هەموو کات شیاوتربوو بۆ ئەوەی ڤیداڵ پێشانی بدات چەندە توانای پڕکردنەوەی شوێنی دانی ئەلڤێسی هەیە، کەچی لویس وەک ئەوەی هیچ یاریزانێکی بۆ ئەو جێگایە نەبێت، سێرجیۆ ڕۆبێرتۆی لە یاریزانی ناوەڕاستەوە کردە بەرگریکەری لاباڵ، لە کاتێکدا کە ڤیداڵ لەسەر کورسی یەدەگەوە خەمی لە شوێنی یاریکردنی خۆی دەخوارد.

سێرجیۆ ڕۆبێرتۆ کە بەبڕوای من (ئینێستای داهاتووە) لە ژێر فشارێکی زۆردا بوو، تا بیسەلمێنێ لەو شوێنە نوێیەی یاریکدندا دەتوانێ یاری بکات، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیوە. لە بەرامبەردا ئینریکێ لەسەر بۆچوونەکانی خۆی سووربوو، گەر ئەمانە هەموویان تاڕادەیەک ئاسایی بن، ئەوە ئاسایی نەبوو کە کارگێڕی بارسا لە دوای پێکانی ڤیداڵەوە داوایکرد ڕێگەی پێبدرێت لە دەرەوەی ڕێساکان گرێبەست لەگەڵ یاریزانێک بۆ شوێنگرتنەوەی ڤیداڵدا بکات! باشە.. کە ڤیداڵ لەوێبوو سێرجیۆ لە جێگەی بوو، کە پێکراش هەر سێرجیۆ لە جێگەی دەبێت، ئەم داوایە لە پای چی؟ من سەری لێدەرناکەم.

با بگەڕێمەوە بۆ باشووری کوردستان، وەک ئەوەی لە یانەی زاخۆ دونیا هەمووی لە عەبدولوەهاب محەمەدا کۆتایی هاتبێت، هەر ئەوەندەی ئەو دەستی لە سەرۆکایەتی یانەکە کێشایەوە، ئیدی لێشاوی دەستلەرکارکێشانەوە درێژبووەوە تا لە یاریزانانەوە پەڕییەوە بۆ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و تەنانەت بەرپرسی ڕاگەیاندنیش.

من کاک عەبدولوەهاب لە نزیکەوە دەناسم، ئەو پیاوێکی دڵسۆز بە یانەکەی بوو، هەموو خەمی کردنی زاخۆ بوو بە یانەیەکی گەورەی عێراق، هەنگاوی باشی بۆ ئەو خەونە نا، زاخۆی کردە پلە نایاب، پارەی زۆری بۆ پەیداکرد و کردیە خاوەنی جوانترین یاریگەی کوردستان و یەکێک لە باشترین یانەکانی عێراق. ئەمانە هەموو دەزانم و لە نزیکەوە دەیانجار لەگەڵ کاک عەبدولوەهابدا دانیشتن و گفتوگۆمان هەبووە، بەڵام لەوە تێناگەم ئەم هەڵمەتی پاشەکشەیە لەپاش ئەو پیاوەوە لە یانەی زاخۆ چییە؟

هەریەکە و بەبیانوویەک، هەر یەکەو بە ئامانجێک دەست لە یانەی زاخۆ بەردەدەن، هەموانیش دەڵێن لەبەر خاتری عەبدولوەهابە، باشە کەواتە دونیا لای ئەو بەڕێزانە لە پاش ئەو پیاوەوە کۆتاییدێت؟ من لەوە تێناگەم ئەو بەڕێزانە بۆ خزمەتی زاخۆ یان خزمەتی کاک عەبدولوەهاب کاریان کردووە؟

ئاخر ئەگەر دەتانەوێ بۆ عەبدولوەهاب دڵسۆز بن، بەڕاستی دڵسۆزی لەوەدا نییە زاخۆ بەجێبهێڵن. دڵسۆزی ئەوەیە لەسەر ڕێچکەی کارکردنی سەرۆکی پێشووی یانەکەتان بەردەوام بن، هەوڵبدەن باشتری بکەن و ئەو خەونانەی عەبدولوەهاب لەسەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا بۆ یانەکە نەیتوانی بەدییان بهێنێت، ئێوە لە پاش ئەوەوە بەدی بهێنن.

ئەوەی دەیکەن ڕێزگرتن لە ماندووبوونی عەبدولوەهاب نییە، بەڵکو زوڵمکردنە لە هەموو ئەو ساڵانەی ئەو پیاوە کاری تێدا کرد بۆ ئەوەی زاخۆ بکاتە یانەیەکی مەزن.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 437 )
سێشەممە 2017/2/14

## پەنجاو پێنجەمین پێشبڕکێی LOTTO 3

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان
1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ............................................

مۆبایل : ............................................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە